# پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من دەمەوێت سەفەر بکەم؛ هەندێک خواردەمەنیم پێ ببەخشە، ئەویش فەرمووی: خوای گەورە تەقواداریت پێ ببەخشێت

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من دەمەوێت سەفەر بکەم؛ هەندێک خواردەمەنیم پێ ببەخشە، ئەویش فەرمووی: «خوای گەورە تەقواداریت پێ ببەخشێت»، پیاوەکە ووتی: زیاترم دەوێت؟ فەرمووی: «وله گوناهەکانت خۆش بێت»، پیاوەکە ووتی: زیاترم دەوێت؟ فەرمووی: «وکردەوەی خێرت بۆ ئاسان بکات ئەگەر لە هەرشوێنێک بوویت».

[حەسەن غەریبە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

پیاوێک کە بە تەمای سەفەر کردن بوو هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وداوای خۆراک وشتومەکی کرد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزایەکی بۆی کرد کە وەکو خۆراک وشتومەک سوودی بۆی دەبێت، نزای بۆی کرد واجبەکان جێبەجێ بکات ولە حەرامەکان بپارێزاو بێت، وپاشان پیاوەکە ووتی زیاتر نزام بۆ بکە؛ بۆ ئەوەی خێر وبەرەکەتی زیاتری تووش ببێت، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە بۆ ئەوەی دڵی ئاسوودە بێت وخێری زیاتری تووش ببێت، فەرمووی: وخوای گەورە لە گوناهەکانت خۆش بێت، ودیسانەوە پیاوەکە جارێکی تر ووتی زیاتر نزام بۆ بکە؛ بۆ ئەوەی خێر وبەرەکەتی زیاتری تووش ببێت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە نزایەکی جوان وگشتگیر کۆتایی هێنا کە هەموو خێر وسەرفرازییەکی تێدایە ئەویش ئەوەیە خوای گەورە هەموو خێرێکی هەردوو مەنزڵگای تووش بکات ئەگەر لە هەرشوێنێک وماڵێک نیشتەجێ ببێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3492